# دیموكرات

**ڕێبین فەتاح**

لە نوێترین هەواڵی سایت و ڕۆژنامەكاندا، دەربارەی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا ئەوەمان بیست و خوێندەوە كە باڵی مستەفا هیجری دەستیان گرتووە بەسەر بارەگایەكی باڵی عەبدوڵلای حەسەن زادە لە هەولێرو شت و مەكی ماڵی ئەو نوێنەرەی باڵەكەی دیكەیان دەرهێناوەو فڕێیان داوەتە كۆڵان.

دیارە نزیكەی ساڵێك بەسەر ئەو كێشە ناوەكییەی حزبی دیموكراتی كوردستاندا تێپەڕدەبێت و هیچ ئاماژەیەكیش لەئارادا نییە بۆ گەیشتن و لەیەك نزیكبوونەوەی هەر دوو باڵەكە. كە سەرنجیش لەرەفتاری لایەنگرانی هەر دوو باڵەكە دەدەیت لەگەڵ یەكتر وەك ئەوە رەفتار دەكەن كە سەدان ساڵە دوژمنی باوكی یەكترن، نێوانی لایەنگیرانی ئەو دوو باڵە بەرادەیەك ناخۆش بووە، كە تەنانەت ئەوانەی پێشتر بەیەكەوە دراوسێ بوون، لە ئێستادا كورد واتەنی شیرو خەنجەران لەیەكتر دەسوون. ئەوەندەی من ئاگاداربم سەبارەت بەكێشەی نێوانیان، هەر دوو باڵەكە پاساوی خۆیان هەیەو هەوڵ دەدەن خۆیان بێبەری نیشان بدەن لەو دوولەت بوونەو پەرتەوازەكردنەی حزبی دیموكراتدا. بەڵام ئەوەی زیاتر لەهەر شت واقعییەن دەردەكەوێت بیركردنەوەی بیرتەسكانەی سەركردایەتی باڵەكانەو ڕاكردن و دەستگرتنە بەپۆست و كورسییەوە، كە ئەمەش هیچ نییە جەگە لەبازرگانی كردن وخۆ سەرمایەداركردن لەرێگای حزبێكەوە، كەرێبەرانی پێشووی ئەو حزبە بوون بە ڕەمزێكی نەتەوەیی لەمێژووی كورددا، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەو دیموكراتەی كە ئەگەر ئێستا ڕێبەرانی شەهیدبووی پێشووی ڕاست ببنەوە نەك هەر نایناسنەوە، هەزار سوێندو تەلاقیشیان بۆ بخۆیت باوەڕ بەم گەمە بێتامە ناكەن، بەناوی كوردایەتی وحزبایەتییەوە. ئەو پیاوانەی هەر یەكەیان بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆیانەوە سەرقاڵی تۆماركردنی مێژوویەكی پێچەوانەی حزبی دیموكرات و پڕ لەشەرمن لەبری سەروەری، كەم و زۆر هەنگاوێكیان نەهاویشت بۆ لەیەكتر نزیك بوونەوەو بەبێ ئەوەش كێشەیەك لەئارادا هەبێت حزبی دیموكراتیان دوو لەت كرد، ئەمن دڵنیام لەوەی هەموو كێشەی ئەو دوو باڵە، كێشەی سەركردایەتی و بوونی پۆست و كورسییە، هەتاوەكو ئەوانەش مسۆگەر نەبن، هیچ كام لەوان ئامادەی لەیەك نزیك بوونەوەی دیموكرات نییە، چونكە لە بنەرەتدا دیموكرات لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە بەڵكو ئەوان بوونی كورسی لەبەرژەوەندی خۆیاندا دەبینن، دیارە ئەوان مافی خۆیانە تەنانەت لەناو حزبی دیموكراتیشدا پۆست و كورسیان هەبێت و ململانێش بكەن لەپێناو پۆستەكاندا، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییەو پێویستیش بەوە دەكات ڕۆژهەڵاتیان بەتایبەت و كوردستانیانیش بەگشتی ڕەخنەیان لێبگرن، ئەوەیە كە ناكرێت لە سەر حیسابی حزبی دیموكراتدا خۆیان گەورە بكەن، وەك ئەوەی كردوویانەو لەپێناو پۆستەكانی ئەو حزبەدا دیموكراتیان لە حزب بوون خستووە.

ئێستا كەرۆژهەڵاتی كوردستان بەو بارە نائارام و مەترسیدارەدا تێپەڕ دەبێت، نوسەرو ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵات، نەك هەر ناتوانن ئازادانە بنووسن، بەڵكولەژوورەكانی زینداندا چاوەڕوانی پەتی سێدارە دەكەن، باڵەكانی بەناو حزبی دیموكرات، لەبری بەنێودەوڵەتی كردنی كێشەكانی ئەو بەشەی كوردستان و ئەو پێشێلكارییە نامرۆییانەی ڕووبەڕووی كوردەكان دەكرێتەوە، تەنها و تەنها لەبری ئەوەدان پێگەی خۆیان بەهێز بكەن و پێشمەرگەو هێزەكانیان كۆبكەنەوەو هەڵبكوتنە سەر بارەگایەكی باڵەكەی دیكەی هەمان حزب لە هەولێرداو ماڵ و شمەكی لایەنگرانی ئەوحزبە فڕێ بدەنە كۆڵان و ئەمەش بەهەوڵدان بۆ ئازادكردنی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ناوزەد بكەن.